# لیبرالەكان و كوشتنی تیو ڤان خۆخ

بۆ هەموو لایەك ئاشكرایە كە دەرهێنەری هۆڵەندی ( تیو ڤان خۆخ ) رۆژی ( 2004/11/2 ) بە دەستی توندرەوێكی ئیسلامی لە هۆڵەندا تیرۆر كرا ، دەزگاكانی میدیای هۆڵەندی بەبەردەوامی زانیاری لەم بارەیەوە بڵاودەكەنەوە ،ئەو لاوەی ئەم كارەی ئەنجام داوە سەربە گرووپێكی ئیسلامی رادیكالە و پێشتر هەرەشەی مەرگیان لە ( تیو ڤان خۆخ) و هاوكارەكەی ( ئەیان هێرسی عەلی )كە ئەندامی پارتی لیبرالی هۆلەندیە كردووە، هەرەشەی مەرگی ئەم دوو هاوتەبایە لەدەزگاكانی میدیای هۆڵەندییەوە بە راشكاوی باسی لێكرا ، پاش كوژرانی ( ڤان خۆخ ) كێشەیەكی گەورە لە هۆلەندا لە نێوان موسلمانەكان و لیبرالەكان و ڕاسیستەكاندا سەری هەڵداوەو كار گەیشتۆتە سوتاندنی مزگەوت و كڵێسا و قوتابخانە ئیسلامیەكان.

سەرهەلدانی ئەم شەرە دەگەرێتەوە بۆ كارەساتی ( 11 سێپتەمبەر ) ی ئەمەریكا ، پاش هەلگیرساندنی شەری راگەیاندن لە لایەن ئەمەریكاوە ، لیبرالەكانی هۆڵەنداش هەمان شەریان دژی ئیسلام دەست پێكرد ، یەكێ لە دەمراست و هەندەرانی ئەم لایەنە ( ڤان خۆخ ) بوو ، لە ڕێگەی میدیای هۆڵەندیەوە بە شێوەی سیمینارو كۆرو كۆمەڵ لە بەرامبەر ئیسلامەكاندا هاتە مەیدان ، هاڵبەت خستە كردنەوەی جەنگی دژە بێگانە و ئیسلام لە لایەن ( پیم فۆرت تاون ) رابەری گەلی توند رەو تەقییەوە ، لیبرالەكان ئەم هەلەیان قۆستەوەو بۆ مەرامی سیاسی خۆیان خستیانە گەر ( ڤان خۆخ ) لە یەكێ لە چاوپێكەوتنەكانیدا لە ( tv ) هۆلەندی بە راشكاوی ووتی ( هۆلەندا پربووە ) بەو واتایەی چیتر ڕێگە بە بێگانە نەدرێ بێنە هۆلەنداوە ، ئەم خۆئامادەكردنەی ( ڤان خۆخ ) بەردەوام بوو تا لەگەڵ ( ئەیان هێرسی عەلی ) كە كچە سۆمالیەكی لیبرالەو بە دژایەتی كردنی ئیسلام ناوبانگی دەركردووە بە فلیمی ( ملدان یان ملكەچبوون ) جارێكی تر هاتنەوە مەیدانی هەمان جەنگ ، جێگەی خۆیەتی كە باسی ئەم خانمەش بكەین ، هەڵبەت ئەم خانمە گەرچی زۆر ئازایانە دژی ئیسلام و كلتوری ئیسلام قسەدەكات و رەخنە لە لایەنە نێگەتیفەكانیان دەگرێ وەك پارتەكەی خوازیارێتی ، زۆر ئازایانەش پشتیوانی لە دەركردنی پەناهەندەكانی هۆلەندا دەكات كە دروشمی سەرەكی پارتەكەیەتی پێش هەڵبژاردن و پاش هەڵبژاردنیش ، بابزانین هەلوێستی ئەم خانمە چیە ، بەدڵنیاییەوە لیبرالەكان بە تووندی پێ لەسەر دەركردنی ( 26000 ) پەناهەندە دادەگرن و كاری بۆدەكەن ، وەزیری بەشی كاروباری پەناهەندە سەر بە لیبرالەكانە ، ئەم خانمە بۆ پشتیوانی كردن لە سیاسەتی پارتەكەی لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفیزۆنیدا ووتی ( نازانم ئەمانە چیدەكەن لێرەو بۆناگەرێنەوە ) ، پاشان لێان پرسی ( ئەگەر ئێستا خۆت پەناهەندا بوویتایەو لە یەكێ لە ئۆردوگاكانی پەناهەندەیداو ئەم بریارە تۆشی بگرتایەتەوە چیت دەوت ) ووتی ( چش ؟! ) ، ئەمەیە هەلوێستی ئەو خانمە سۆمالییە لە بەرامبەر كێشەی(26000 ) پەناهەندەدا كە زۆریان خەڵكی سۆمالن و لەبەر باری ناهەمواری سۆمال رایان كردووە ، ئەو خانمە ( جەنگ و شەری ناوخۆو برسێتی و نەخۆشی و كێشە سیاس وكۆمەڵایەتییەكانی سۆمال بە مەترسی لەسەر خەڵكی سۆمال وەرناگرێ ) .

ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست و سۆسیالیستەكانی هۆلەندا لەسەر ئەم خاڵانە هاوتەبان( دژی تیرۆر .. لەبەر هەرهۆیەك بێت ، چونكە تیرۆر جگە لەوەی هەستێكی نێگەتیف لای خەلك دروست دەكات ، خەفە كردنی دەنگی نارەزایەتیەكانی خەلكیشە ) ، ( موسلمان دوژمنی ئێمە نین ، ئێمە بروامان بە جیایی دین لە دەولەتە كاتێك شۆرشی سۆسیالیزم دێتە مەیدان وەك ئەلتەرناتیفێك لە بەرامبەر دنیای پر جیاوازی و چەوسانەوەی سەرمایەداری ، لایەنە دینیەكان لە جێگەی تایبەتی خۆیان دادەنێت ) ،( دژی جیاكاری فەرهەنگی و كلتوری و دینی و رەنگ و بۆن ، ئەم جیاكاریە كە خەسلەتی سەرمایەداری دەوڵەتی و شەری گەرمی ئێستای لیبرالەكانی هۆلەندایە ، سەرسەختانە لە بەرامبەریدا خەبات دەكەن ) ، ( دژی هەر جۆرە تووند رەویەكن ئەگەر دینی بێ یان سیاسی یان فەرهانگی ) ، ( دژی ئەو سیاسەتەی ئێستای هۆلەندان كا پارەیەكی زۆر بۆجیا كردنەوەی قوتابخانەو یانەی وەرزشی و هۆلەكانی سەماو ..... هتد، تەرخان دەكات بۆ موسلمان و بێگانەكان، كە ترسناكترین خاڵی لێک دابڕانی یەكتری فەرهەنگە جیاكانە).

ئێمە تەواو دژی هەموو ئەو سیاسەتانەین کە دەبێتە هۆی لێکدابران و ترازاندنی ریزەکانی کرێکاران و خەڵکانی ئازادیخواز ، دژی کۆمەڵگەی فرە فەرهەنگین ، دژی لێکدابران وشەری نێوان فەرهەنگەکان و لایەنە دینیەکانین ، دژی هەر جۆرە سیاسەتێک دەوەستینەوە کە هێزی سەرتاسەری جیهانی ئێمە لەیەک دادەبرێ و لاوازی دەکات ، ئێمە سەرسەختانە لەپێناو ئەمدا پێکەوە کاردەکەین .
گەرچی تەواو لەگەڵ ئازادی سیاسیدا دێینەوە بەڵام بۆ ئێمە لیبرالەکان کە خوازیاری ئەم شەرەن لە هۆلەندا دژین ، وەئەوان بۆ ئێمە پالەوان و قارەمانی رێگەی ئازادی ویەکسانی نین ، بۆ ئێمە ئەوانەی بە دوای جیاکاری فەرهەنگی و دژایەتی پەناهەندەو بێگانەوەن دۆستی ئێمە نین و باش دەیان ناسین .
سەرمایەداری دەولەتی و تازە لیبرالەکان لەوکاتەوەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست رۆژانە پێ لەسەر پاشگەز بوونەوەی ئەو دەستکەوتنانە دادەگرن کە چەندەها سالە بەخەباتی بەردەوامی سۆسیالیستەکان و کرێکارانی هۆلەندا هاتۆتە بەرهەم ، خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی ئەم دواییەی هۆلەندا دەرئەنجامی ئەو سیاسەتەی ئەمانن و دەسەڵاتدارانی هۆلەندایان ناچار کرد کە مل بەهەندێ لە داواکاریەکان بدات .
هەلبەت ئەم هاوتەبایی و هاوخەباتییەی سۆسیالیست و نەقابە کرێکاریەکان لە خزمەت سیاسەتی دەولەتدا نیە ، بۆیە ئەوان پێویستیان بە شەرێکی فەرهەنگی هەیە کە فشاری سۆسیالیستەکانیان لە سەر کەم کاتەوەو بە شەرێکەوە گیرۆدەیان کات تاکاتی ئەوەیان نەبێ ریزەکانی خۆیان لە دژی ئەمان کۆکەنەوە ، هەرئێستا مەترسی درێژەی ئەم شەرە هەیە ، چونکە نوێنەری لیبرالەکان لە پەرلەمانی هۆلەندی بە زمانی جەنگ هاتە وەڵام وبانگەوازی جەنگی کرد ، ئەمە بووە هۆی نارەزایەتی تووندی سۆسیالیستەکانی نێو پەرلەمان ، ئەم شەرە شەری ئیسلام نیە لەبەرامبەر غەیرە ئیسلامەکاندا، دەبێ لیبرالەکان بە راشکاوی باس لەوە بکەن کێ لەم شەرە بەر پرسیارەو سەرتاسەری کۆمەلگە بۆ شەرێک ئامادە نەکەن کە هی ئەمان نیە .
ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست تەواو لەبەرامبەر لیبرالەکان و راسیستەکاندا هاتۆتە مەیدان و بە بەردەوامی کۆرو کۆمەڵ و سیمینارو خۆپیشاندانی خۆی ئامادە دەکات ، هەرئێستا سەرقالی خۆئامادە کردنێکی تەواوە لە بەرامبەر ئەو رێکخراوە راسیستەی کە لە هۆلەندا بە رەسمی لە لایەن دەوڵەتەوە پسوڵەی کارکردنی ئازادی هەیەو جێ دەستیان بەم هێرشانەی دوایی هۆلەنداوە دیارە .
ئەمە تێدەکۆشین لە پێناو هۆلەندایەکی هەمەرەنگدا.

ئاسۆ شابان
a_shaban1@hotmail.com